## چیرۆکی ڕۆژنامەنووسیی

نووسینی: یاسین قادر بەرزنجی

تایبەتە بە (گوڵان وکوردستانی نوێ)

# پەن

هەرخۆی
لە بەهاری تەمەندا نەبوو، بەڵکو ئاوات و ئەندێشەکانیشی سەوزو بەهاری بوون.. ناوەکەشی پڕاوپڕی جوانی و تەمەنەکەی بوو، (نێرگز) هەر خۆی نێرگز بوو.. کە (پەروین)ی ناسی و لە کاری میدیاییدا بووە کارمەندی بەشەکەی، گوڵەبەڕۆژەکانی دەروونی هەموو بەیانییەك دەگەشانەوەو بەناسینی سەرەتایی ئەو خانمە، گوڵی خەندە دەچوونە سەرلێوەکانی و وەك گەنجێك شەوانە بە دایکە دڵ لەلاکەی دەووت:

-دایەگیان، پەروین خان وەك تۆ وایەو لە پایزی تەمەندایە، بەڵام کەف وکوڵی ئارەزووی وەك باڵندەی سەرچڵان ناسرەوێ و هەر لە کچی چواردەساڵ دەچێ..

-ئاخر ڕۆڵە چۆن تەمەنی ئێمە و مانان دەبێتەوە چواردەساڵ.!

-وامەڵێ دایە وامەڵێ، خەریکی خۆیەتی، بەخوا ئەوەی ئەویش دەیپۆشێ من لەرووم نایە نەك بۆ شوێنی کار، بۆ ماڵە خزمیش لەبەریان بکەم!

ڕۆژان رابورد، هەر کە نێرگز بە جەستەی ماندوو و چاوی قورس و خەواڵووەوە دەگەڕایەوە ماڵ، دیتنی دایکە خان ومانەکەی دەیحەواندەوە.. ئیدی لەگەڵ خواردن و چای دەستی میهرەبانەکەیدا قسەوباس دادەمەزرا..

هەموو ڕێیەك دەچوونەوە سەر بانە، هەموو باس و خواسێکی ئەو ماڵەش دەچوونەوە سەر کارەکەی نێرگز و خاتوو پەروین!

لەگەڵ تێپەڕینی ڕۆژگاردا نێرگز بەرامبەر بەرپرسەکەی چەندین پرسیاری لەلا درووست بوو.. خودایە، ئەمە چۆن ئادەمیزادێکە؟!

هەندێ لە پرسیارەکانیشی لەلای دایکی دەدرکاندو پێکەوە بۆ وەڵام دەگەڕان، وەڵامی ژیانی ژنێکی شپرزەو ڕاڕا، تاوێ ئازیزو تاوێ بێزراو، ساتێ ئارام و ساتێ شپرزە، ڕۆژێ جوان و دەیان ڕۆژ ڕەزاگران.!

-دایەگیان، من خۆم ئافرەتم، خودا بەوسەرەوە ئاگادارە تا ئەم ساتە رقم لێی نییە، بەڵام شتی وا دەکات و شتی وا دەڵێ کچی هەرزە نایڵێن.

-وەکو چی کچی خۆم.. دەپێم بڵێ.. خۆتۆ هەر ستایشت دەکرد.. خۆ دەتووت وەك خوشکی

خۆی سەیرم دەکات و خەمخۆرمە.. زۆرم وت تۆ هێشتا منداڵیت و زوو بڕیار دەدەیت..

نەیهێشت دایکی سەرزەنشتی زیاتری بکات و چووە بەردەمی و ڕێك وەستا..

-دایەگیان، ژنت دیوە لەو تەمەنەدا لەبەرچاوی من و (فەرهاد)ی بەشەکەی ئەوبەرمان هەندێ قسە بکات کە منداڵ نایکەن؟ ئاخر دەبێ وابێ؟!

-ئەو کوڕەی وتت ماوەیەکە لەلامان دامەزراوە؟

-بەڵێ.. مەبەستم لەوە..

-دەڵێ چی..چی باسدەکات؟

-دایەگیان، خودا سەری لێ تێکداوە، تەمەنی لەنیوە سەدە ترازاوە کەچی کە تەماشای ئاوێنە دەکات، هەر کە قژی بۆیەکراوی کاڵەوەبووی دەبینێ و چاوی دەخاتە سەر بێخی سەری کەمێ ڕووتاوەو کەمێ سپی بووی، ئەوا شێتگیر دەبێ و سەرلەبەری میهرەبانی و سەرو زمان شیرینی لەبیردەچێتەوەو دۆعا لەخۆی و تەمەن و ڕۆژگار دەکات.. ئینجا دەڵێ »شەرتبێ سبەی بڵێم نەخۆشم و نەیەم بۆ کارو خەریکی سەروقژم بم»!

نێرگز، وەك ئەوەی بچێتە سەر باسێکی تر، یان شتێکی گرنگی بیرکەوتبێتەوە، لەبەردەمی قەنەفەکەدا دانیشت و توند دەستی خستە سەر ئەژنۆکانی دایکی..

-وەرە شێت مەبە، ئەو پەروینە زۆر سەیرە، لای من هەمیشە ستایشی مێردو باوك و براکەی دەکات کە هەر لەسەرەتاوە ئازادییان پێداوە، کەچی ئەو ڕۆژە گوێم لێیە لای فەرهاد سکاڵا هەڵدەڕێژێ و دەڵێ »لەم وڵاتە کاولبووەدا، دەبێ هەزارویەك حساب بۆ دەوربەرو باوك و براو مێرد بکەیت، هەموو هەر دەڵێی گورگن و لەبێشەدان بۆت.. فایدەی چییە، بەمورادی خۆم نەگەیشتم و لەو ئەوروپایە جلشۆری ئوتێلێك نەبووم»،

ئەو وای وت و منیش دامابووم، بیرم لەو ترۆفیزەی دەکردەوە، کەچی بەجلشۆری و کارەکەریی ئەوێش ڕازییە.. بۆ وا لەگەڵ ئەو کوڕە قسە دەکات..نازانم!

-یارەبی تۆبە، خوا سەری لێ تێکداوە.. کچم



# ...گوین

خۆتی لێ لادە، تا دەتوانی نزیکی مەکەوە..
باشە ئەو کوڕە جوانە وا لێی نزیك بووەتەوە؟
-نەوەڵڵا، بەرلەوەی ببێتە هاوڕێی هەرخۆی پێی دەووت (سیسارکە کەچەڵە)..
دوای چەندین هەفتە و مانگی تر، نێوان ئەو دوو خانمەی بەشە میدیاییەکە تەواو گرژ و ئاڵۆز بوو..
نێرگز زۆرجار تەنیا فرمێسکی چاوە گەشەکانی دەبوونە وەڵام، یان تەمێکی تاریك دەروونی دادەگرت و خەم لە دڵی دەچۆڕا.. بەڵام چی بکات، حەیاو حورمەتی خۆی لامەبەست بوو، دەیویست رایکێشێ.. چی بکات، نانەو لەقوڕگی شێردایە..
نێوان کوڕەو خانمی، هێندە پتەو بوو بوو، قاوەی بەیانیانیان بێ یەکتر نۆش نەدەکرد.. گەر رۆژێك فەرهاد دیارنەبووایە بە مۆبایلەکەی سۆراغی دەکرد.. قسە درێژەی دەکێشاو بوونی نێرگز لە ژوورەکەدا پەروینی دەگەیاندە راڕەوی دەزگایەکە..
نێرگز رێزی لە فەرهاد دەگرت، بەڵام دەیدی خانمی خاوەن ماڵ و منداڵ پێی ناخۆشە، بەهەڵسوکەوت و سەروچاویەوە دیاری دەدا، تەنانەت رۆژێ ئیرەیی ژنە کارێکی وایکرد بەسەر نێرگزدا بقیژێنێ »ئەو بەخۆم سەرسامە، بۆت نییە ئەوەندە موجامەلەی بکەیت.. تێگەیشتیت؟!»..
رۆژێکی دی، ئەم سەرقاڵی لاپەڕەکانی بەردەستی بوو، ئەویش بەدەم کێشانی جگەرەکەی دەستییەوە بەدەنگی کەمێ نزم بە هاوڕێکەی دەووت» ئەو چەتیوە بێ عەقڵەم بەم بەیانییە زووە پەلاماری دام و دەیووت چۆن دەبێ ئەو کراسەت لەبەردابێ و نیوەی سنگت بەدەرەوەبێ».. منیش پێم وت «بێعەقڵ باوکت واناڵێ تۆ بۆ وا تێکچوویت، تۆ هەقی منت چییە»! ئەویش بە پێکەنینێکی مەکراوی، کە لە هی پیاو ناچێ، وەڵامی دەدایەوە..
ئەم قسەوباسانە ئەوەندەی تر سەری دایکی گێژوشێواو دەکرد.. نێرگزیش خوداو دایکی شك دەبرد.. پاش نیوەڕۆیەکی دی، هەر لەگەڵ گەڕانەوەیدا جانتاکەی فڕێداو بەرامبەر دایکی راوەستا..
-دایە، بەو خوایە ئاگر بێ دوکەڵ نابێ، بەخۆڕایی خەڵك قسە ناکەن، ئەمڕۆ هەرهاتە ژوورەوە ئەوەندە پەلەی هاوڕێکەی بوو، منی لە پشتی مێزەکەوە نەبینی، لەم دیو دەرگای شووشەبەندی ژوورەکەوە وەستاو بەمۆبایلی دەستییەوە کەوتە قسە» فەرهاد، لەکوێی، وەرە تەماشام کە، تەنوورەم لەبەردایە، وەرە قاچەکانم ببینە کەشێت و سەرسامیانیت..»..

وای وت و چووە دەرەوە تا خۆی بۆ فەرهادەکەی نمایش بکات..
نێرگزی هێمن و واق وڕماوی ناو ژوورە پڕ لە جۆش و خرۆشەکەی پەروین، دەمێك بوو دەیویست بەقسەیەك، بەباسێك، بە بابەتێك لە خانمی بەرپرسی بگەیێنێ کە ئاگاداری پەیوەندیی ئەو و هاوڕێکەیەتی.. خودا کردی و بابەتێکی بڵاوکراوەی ناو رۆژنامەیەکی کەوتە بەرچاو، ناونیشانەکە نووسراوبوو (خیانەت لە هەموو ئاستەکاندا)، دوای خوێندنەوەی بەدەنگی بەرز وتی:
-گوێبگرە، لەم بابەتەدا باس لە خیانەتی نێو باڵندەکان کراوە، لەناو ئەوانیشدا خیانەت هەیە..
-قسەی قۆڕ.. خیانەتی چی؟
-دەتۆ گوێبگرە، پەروین خان بۆ توڕە دەبی، گوێبگرە، لەوەوبەر وازانراوە کە لە نێو باڵندەدا خیانەت روونادات و باڵندە بۆ ژیانی خۆی بەتەنیا باڵندەیەکی دیکەی هەڵبژاردوە، بەڵام لەم دواییەدا خیانەتی ژن و مێردیی لەنێوان ئەوانیشدا پەیدا بووە، مێیەی (پەنگوین) بەتەنیا بەهاوبەشی ژیانیەوە ناوەستێ، بەڵکو سەرچڵی دەکات و لەگەڵ نێرەیەکدا دەست تێکەڵ دەکات...
پەروین بەدەنگێکی پڕ لە نەشازەوە پێی دەبرێ:
-قسەی هیچ..ئەوە تۆ دەڵێی چی؟
-بابۆتی تەواوبکەم، ئەوان جیاوازن و وەك مرۆڤ نین، وەك ئەوانە نین کە ماڵی خۆیان بکەن بەدەم یارەکانیانەوە! ئەوان جودان، گوێبگرە بابۆتی تەواو کەم.. پەنگوین ئەو کارە دەکات تاوەکو بەردی بەنرخی دەست بکەوێت و هێلانەی لەسەروو بەفرو ئاوەوە پێ درووست بکات و بەنرخترین شتی خۆی کە هێلکە و بێچووەکانێتی، پێ بپارێزی..
ئەو رۆژنامەکەی خوێندنەوەو پەروین ئاگر لە چاوانی دەباری.. لەبێ ئاگاییەوە چەند رستەیەکی تێکەڵ و پێکەڵ لەدەمی دەرچوون.. ئەوەی نێرگز لێی تێگەیشت تەنیا ئەمەندە بوو» نەفرەت لە چارەی تۆ ئینجا لە پەنگوینەکەت..»!
دنیا پڕ لە نهێنییەکانی پەروین جێگای ئەوی تیانەبووەوە، تەنگی زیاتری پێهەڵچنی و (سیسارکەکەش) هاوکاری کرد، ئەو گوڵە نێرگزەش بەر لەوەی بە بەهارێکی دیکەی کاروفەرمان و ژیان شادبێ، ئەو دامەزراوەی جێهێشت، ئەو دامەزراوەی کە یەکەمجار بەوپەڕی خۆشەویستی و ئاواتەوە رووی تێکردبوو..

Yasinbarznji @ yahoo.com



ئا: دیار سالار

# بوونی ئەو ئافرەتانە لەنێو پیشەنگاکانی ئۆتۆمبێل بۆ چ مەبەستێکە....؟

هەر لەدوای بانگی عەسرەوە پێشانگاکانی ئۆتومبێل و هەردوو ناوچەی پیشەسازی لەشاری هەولێر دەبێتە مەکۆیەك بۆ ژمارەیکی زۆر لەئافرەتانی عەبا بەسەر زۆریان وەك سواڵکەر خۆیان پیشاندەدەن یاخود وەك دەستگرەوە و بەشێك لەگەنجەکانی ئەو گوزەرەش ئەم ئافرەتانە بەلەشفرۆش دەزانن، بەجۆرێك پۆل پۆل ئافرەت دەبینی بەکۆمەڵ دەگەڕێن و لەپڕ دابەش دەبن، هەندێکیان لەپاڵ بەختگرتنەوە، کاری لەشفرۆشیش دەکەن، ئەم ئافرەتانە عەرەبن و کەمێك کوردیشیان تێدایە، بەقسەی پیاوەکان ئەم ئافرەتانە تەنیا بۆ لەشفرۆشی دێن.

یەکێك لەو ئافرەتانەی کە دەستدەگرێتەوە، ئاماژەی بەوەودا کە ئەوان تەنیا بۆکاری دەستگرتنەوە ڕوو لەو شوێنە دەکەن و دەڵێت: ((ئێمە کەخەڵك پێمان دەڵێن دۆم یان قەرەج هیچ پیشەیەك نازانین، لەدێر زەمانەوە ئەمە کاروپیشەمانە، دەست دەگرینەوەو فاڵچێتی دەکەین ڕوودەکەینە ئێرە، چونکە کەسانی دەوڵەمەندی لێیە و پڕە لەو گەنجە هەرزەکارانەی کە دەیانەوێت بزانن بەختیان لەگەڵ ئافرەتاندا چۆنە هەندێکیان پارەمان نادەنێ زۆر ڕەزیلن، بەڵام هەندێکیان هەر ئافرەت ببینن هیچیان لەبیرنامێنێت، ئێمەش هەوڵ دەدەین ئیستغلالیان بکەین)).

ئەو ئافرەتە ئەوەش دەخاتەڕوو کەبەشێکی زۆر لەپیاوە بەتەمەنەکان ڕۆژانە پارەیان دەدەنێ بەبێ هیچ بەرامبەرێك، بەڵام کوڕە هەرزەکارەکان لەزۆرجاردا داوای سێکسیان لێدەکەن.

ژنێکی تر کە عەرەب بوو هەر خەریکی دەستگرتنەوەبوو بۆکۆمەڵە گەنجێك دواتر خۆی بە سەوسەن پێناساندین، سەبارەت بەکارەکەیان سەوسەن باس لەوە دەکات کەئەوان ئەم پیشەیەیان لە باو و باپیریان بۆ ماوەتەوەو هیچ کارێکی تر نازانن، دەڵێت: ((بەبیرەوەریم ئێمە هەر لەوەتی خودا دروستی کردوین هەموومان هەر ئەم کارەمان زانیوەو بژێوی خۆمان پێدابین کردووە و هیچ پیشەیەکی تریش فێر نەبووین)). سەوسەن ئاماژەی بەوەشدا ئەوان چونکە بەقەرەج ناسراون چونکە خاوەن کەلتوری خۆیانن و هەرگیز شوێنی نیشتەجێبوونی دیاری کراویان نەبووە، بەلای ئەوانە دەستگرتنەوە باشترین پیشەیە و ئازادن ئەگەر کاری لەشفرۆشیش بکەن و سەوسەن دەڵێت: ((من هەرگیز کاری لەشفرۆشی ناکەم، هەرچەندە هەندێك گەنج هەیە دەیەوێت لەگەڵماندا ڕابوێرێت، بەڵام من خۆم ڕازی نابم هەندێك لەئافرەتەکانی تر لەکاتی بەختگرتنەوەدا دەستبازی لەگەڵ کوڕەکان دەکەن، بەڵام هەرگیز ناهێڵین بگاتە مەسەلەی تر)).

سۆران یەکێکە لەو گەنجانەی کەجارێکیان کەوتووەتە داوی بەختگرەوەیەك و ئاماژە بەوەدەکات کە زۆر دژی هاتنی ئەو ئافرەتانەیە، بەڵام ئەوەش ناشارێتەوە کە پیاویش هەن لەگەڵ ئەو کچانەشدا ڕێکدەکەون و دەڵێت (من پێمناخۆشە گەنجەکان پارەی خۆیان بەبەلاش سەرفدەکەن لەپێناوی ئافرەتانی قەرەج و دۆمدا).

سەردار کەمال هاتنی ئەو ئافرەتانەی دەستگرەوەو سواڵکەری دەکەن لا ئاساییە و دەڵێت ((ئەمڕۆ خەڵکی هەمووی پارەی هەیە، بەڵام ئەو ئافرەتانە قەرەجن هیچ جۆرە داهاتێکیان نییە، لەبەر ئەوە بۆخۆیان دێنە ئێرە کاسبی خۆیان دەکەن، هەندێکیان سواڵکەرن و بەشێکیشیان دەتسگرەوەن و هەندێکیشیان لەپاڵ ئەم کارانەدا لەگەڵ گەنجەکانی ئێمەدا لەشفرۆشی دەکەن، ئەوەی گرنگە بژێوی خۆیان و منداڵەکانیان دابین دەکەن))، سەبارەت بەوەی کەئەم ئافرەتانە ڕەنگە ببنەهۆی بڵاوکردنەوەی ئایدز لەنێو گەنجەکاندا دەڵێت ((گوناهی ئافرەتەکان نیە کە لەشفرۆشن، خەتای گەنجەکانی ئێمەیە کەهەر بەدوای کاری ناپەسەندو خراپەوەن)).



# ئافرەتێک بۆ وەرگرتنی بەشەخۆراک دەچێت و تائێستاش نەگەڕاوەتەوە ماڵ

ئافرەتێك سكالا پێشكەش بە دادەوری لێكۆڵینەوە دەكات، لەبەر ئەوەی خوشكەكەی لەساڵی ١٩٩٧ تاكو ئێستا بێسەروشوێنەو نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە.

لەمبارەیەوە نەقیب كاروان لەبەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەگوڵانی ڕاگەیاند «لەڕێكەوتی ٢٠١١/١٢/١٤ بنكەی پۆلیسی سەروەران بەنووسراویان لەڕێكەوتی ٢٠١١/١٢/٧ پەڕاوی تایبەت بەئافرەتێك بەناوی (ن. ع) ڕەوانەی نووسینگەی لێكۆڵینەوەی تاوانی كوشتن كراوە بۆ تەواوكردنی لێكۆڵینەوەكە و تیایدا هاتووە لەڕۆژی ٢٠١١/١٠/٢٣ داواكار(ن.ع) تەمەن ١٩٦٠ پیشە كچی ماڵەوە دانیشتووی قەڵادزێ گەڕەكی ڕاپەڕین سكالای پێشكەشی دادوەری لێكۆڵینەوە كردووە كە تیایدا هاتووە: پاش وەرگرتنی وتەكانی لە ڕێكەوتی ١٩٩٧/٥/٢٧ خوشكێكی بەناوی (گ.ع) چۆتە شاری هەولێر بۆ وەرگرتنی بەشەخۆراكی مانگانە و لەم كاتەوە تاكو ئێستا نەگەڕاوەتەوە ماڵەوە.

نەقیب كاروان وتیشی «وتەی ئافرەتەكە وەرگیراوە و لەلایەن دادەوری لێكۆڵینەوەی پشدەر بڕیاردرا پەڕاوەكەی ڕەوانەی دادگای لێكۆڵینەوەی هەولێر بكرێت، هەر بۆیە لەڕێكەوتی ٢٠١١/١٠/٢٣ بەبڕیاری دادەوری لێكۆڵینەوەی هەولێر لەڕێكەوتی ٢٠١١/١١/٣٠ بڕگەی(٥) بڕیاریدا بەڕەوانەكردنی پەڕاوەكە بۆ نووسینگەی سەرەوە بەهەمان بڕیاری سەرەوە بڕگەی (٢) بڕیاریدا كەوا ئاگاداری بەڕێوەبەری نەهێشتنی تاوانی هەولێر بكرێت كە ئایا لەڕێكەوتی ١٩٩٧/٥/٢٧سەبارەت بەتاوانلێكراو (گ.ع) لێكۆڵینەوە لەم بارەیەوە بكرێت بەپێی ماددەی ٤٠٦ی.س.



## هاوسەرەکەی بە خیانەت تاوانبار دەکات

ڕۆژی ٢٠١١/١٢/١١ لە بنكەی پۆلیسی سەروەران دادخواز (س.ا) لەدایكبووی ساڵی ١٩٧١ پیشە خاوەن كۆمپانیا، سكالا دژی كەسێك تۆمار دەكات و بە خیانەتی هاوسەرگیری تاوانباری دەكات.

لە سكالاكەی (س.ا) دا هاتووە كە (م.ع) هەستاوە بەخیانەتی هاوسەرگیری لەگەڵ خێزانەكەی بەناوی (س.ع) كە كاری سێكسی لەگەڵ ئەنجامدەدا، دوای وەرگرتنی وتەی تاوانباران دادوەر بڕیاریدا بە بەندكردنی تاوانبار(س) و دەستگیركردنی (م.ع) بەپێی ماددەی ٣٧٧ی. س.

## ئافرەتێک هاوسەرەکەی توندوتیژی بەرامبەر دەکات

ئافرەتێك بەهۆی هەڕەشە لێكردن و توندوتیژی بەرامبەری، سكالا لەبنكەی پۆلیسی تەق تەق لەدژی هاوسەرەكەی بەرزدەكاتەوە.

ئافرەتێكی ٢٣ ساڵ بەناوی (ب.ع) پیشە ژنی ماڵەوە، لەبنكەی پۆلیسی تەق تەق سكالا لەدژی هاوسەرەكەی بەناوی (ب،ح) بەرزدەكاتەوە و هەروەها بەهەڕەشە لێكردن و توندوتیژی بەرامبەری تاوانباری دەكات.

هۆكارەكەشی بۆئەوە دەگەڕێنێتەوە كە بەمست و زللەو داری ماسیحە لێی داوە، دواتر لەگەڵ سێ منداڵەكانی دەری دەكات و ئێستاش لەماڵی باوكی دەژیت. دادوەر بڕیاری داوە كە پەڕاوەكەی ڕەوانەی دادگای لێكۆڵینەوەی چەمچەماڵ بكرێت بەمەبەستی تەواوكردنی لێكۆڵینەوەكە.

# ئاوارەکانی شاری وان داوا دەکـ

**لە٢٠١١/١١/٢٣ و چەند ڕۆژێك دواتر چەندین بوومەلەرزەی دڵتەزین شاری وانی باکووری کوردستانی هەژاند کە زیاتر لە ٥٣٠ قوربانی لێکەوتەوە، بەشێك لەخێزانە کوردەکانی وان بۆ پاراستن و مانەوەیان لەدوای لەدەستدانی گشت ماڵ و سامانیان ڕوو دەکەنە هەرێمی کوردستان.**
**ئەو خێزانە کوردانە دەگەنە هەرێمی کوردستان و لە مەلا ئۆمەران لەسەر چەند زەوییەك نیشتەجێ دەبن و ڕەشماڵەکانیان هەڵدەدەن و چەند ڕۆژێك**

### دەمانەوێ بەکوردستانی قبوڵ بکرێین

جاری وا هەبوو لەڕۆژێك دووجار بوومەلەرزە ڕوویدەدا، بۆیە ئێمەش بۆ پاراستنی گیانی خۆمان بڕیارماندا ڕوو لەهەرێمی کوردستان بکەین، چونکە بەشوێنێکی باشی دەزانین، ئەوە بەشێك بوو لەقسەکای قوتبەدین زاهیری تەمەن ٦٠ ساڵە کە پیشەی مقاوەلاتی بیناسازی بووە و زیاتریش دەڵێت» دوای ئەوەی ناچاربووین شارەکەمان بەجێبهێڵین، ڕوومان کردە کوردستان، دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمر و خەڵکی هەر زوو هاوکاری و دەستی یارمەتی بۆ درێژکردین، بەڵام ئەو یارمەتییانە تەنیا پێداویستییە سەرەتاییەکانی ئێمە پڕ دەکاتەوە، چونکە لەگەڵ بوومەلەرزەکە گشت ماڵ و سامانمان لەدەست چوو بۆیە بڕیارمانداوە نەگەڕێینەوە، ئەگەر بێت حکومەتی کوردستان هاوکاریمان بکات لەدابینکردنی شوێنی مانەوە و بەخشینی ناسنامە، چونکە بارودۆخی ئێمە زۆر ناخۆش بوو و ژیان لەوێ قورسە، هیواداربن بتوانین لێرە درێژە بەژیانمان بدەین». بنەماڵەکەی قوتبەدین ٣٢ کەسن کە پێکهاتوون لەخێزانی براکانی و زاوا و منداڵەکانی، چەتین قوتبەدین کە خۆی برای گەورەیە دەڵێت «ئەوە بۆچوونی هەموو تاکێکی بنەماڵەکەمانە ئەگەر هاتوو شوێنێکی مانەوەمان هەبوو یان پارچە زەویەکمان پێبدرێت و ڕێگای ئیشکردنمان بدەن، ئێمە ئامادەین ببین بە هاووڵاتی هەرێمی کوردستان و



قوتبەدین زاهیر

لێرەوەش داواکارین منداڵەکانمان فێرە خوێندنی کوردی بکەن».

ئامینە خەلیل تەمەن ٥٥ پەنجا ساڵە ژنی ماڵەوەیەو ماوەی ٤٠ ساڵە ژیانی هاوسەرگیری لەگەڵ قوتبەدین پێکهێناوە و خاوەن ٦ منداڵن سێ کچ و سێ کوڕیان هەیە و ئەوانیش ژیانی هاوسەرگیریان پێکهێناوە، ئەو خانمە پێیوایە ئەو ماوەیەی کە ئاوارە بوون و بارودۆخی ژیانیان زۆر ئاڵۆز بووە نەیانتوانیوە پشوو بدەن لەدەست سەرما و نەخۆشی و دەڵێت «ڕاستە لە (وان) ژیانمان زۆر زەحمەت بوو، بەڵام خاوەن ماڵ و موڵك بووین و ماڵێکی ئارامان هەبوو، لەگەڵ ئەو بوومەلەرزەیە ماڵمان لەدەستدا و ژیان و گیانمان کەوتە مەترسیەوە، ناچار بووین دەستبەرداری ڕابردوومان بین و ڕوو لەکوردستان بکەین». ئامینە باس لەژیانی ڕۆژانەیان دەکات کە لەو ماوەیە لەکوردستان بوون دەڵی «ئەو کاتەی لەژێر ڕەشماڵ دەژیان زۆر سارد بوو لەگەڵ سووتانی ڕەشماڵێکمان کە هەرچی خۆراك و پارەمان هەبووە لەلایەن خێرخوازانەوە بۆمان هاتبوو سووتا، ئەو ژنە دەشڵێت «ئێمە داواکارین لەحکومەتی هەرێمی کوردستان چارەسەری حاڵی ئێمە بکات، چونکە منداڵەکانی ئێمە هەمووی قوتابی بوون سەرەڕای ئەوەش ئەگەر بکرێت ئێمە ببین بەخەڵکی هەرێمی کوردستان، ئەوا منداڵەکانمان دەنێرینە بەر خوێندنی کوردی» سەبارەت بەو خانووە سەفەرییانەی کە پێیاندراوە ئامینە



# ــــەن بکرێن بەخەڵکی کوردستان

**لەوێ دەمێننەوە، بەڵام دوای ئەوەی خاوەن زەویەکە زەویەکانی دەفرۆشێت، حکومەتی هەرێم ئەو خێزانانە دەگوازێتەوە بۆ ناحیەی قوشتەپەو لەکەمپینی کاوە شوێنیان بۆ دەکاتەوە، هاوکات خێرخوازان دەستی یارمەتیان بۆ درێژ دەکەن و لەئێستاشدا لەلایەن حکومەتەوە خانووی سەفەرییان بۆ دابین کراوە، بەڵام ئەو خێزانانە داوا دەکەن بەیەکجاری لەهەرێمی کوردستان نیشتەجێ بن.**



پشتیوان عەمۆ لوتفی

دەڵێت «ئێمە دەمانەوێ خانوویەکی جێگرمان هەبێت نەوەك خانووی سەفەری، بۆ ئەوەی تێیدا بژین و نەگەڕێینەوە شاری وان».

### ئەگەر حکومەت ناسنامەمان پێبدات هەرگیز ناگەڕێینەوە

هەموو مرۆڤێك لەکاتی بەجێهێشتنی نیشتمانەکەی چاوەڕێی ئەوە دەکات ڕۆژێك بێت و بگەڕێتەوە باوەشی نیشتمان و شوێنی لەدایکبوونی، بەڵام ئەو خێزانە ئاوارانەی لە(وان)ـەوە هاتوون لەبەر خراپی باری گوزەرانیان لەو شارە ئامادە نین هەرگیز بگەڕێنەوە زێدی باب و باپیرانیان، چەتین قوتبەدین کوڕی گەورەی ئەو خێزانەیە و تەمەنی ٢٧ ساڵە و ژیانی هاوسەرگیری پێکهێناوە و دەڵێت «بەهۆی ئەوەی ژیان لەوێ زۆر قورسە و کارکردن کەمە، بەڵام لەکوردستان ژیان زۆر خۆشە و حکومەت و دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمر و خەڵك زۆر یارمەتی ئێمەیان داوە، بۆیە ئەگەر بێتوو ئێمە ناسنامەی کوردستانیمان هەبێت، هەرگیز ناگەڕێینەوە».

### لەڕووی ئەمن و ئاسایشەوە بەردەوام چاودێریان دەکرێت

مولازم عەدنان عوسمان کە لەبنکەیەکی پۆلیس بوو لەنزیك ئەو خێزانە ئاوارانە وتی «ئێمە ئەو شوێنەمان هەڵبژارد بۆ ئەوانە تاکو لەنزیك خۆمانەوە چاودێرییان بکەین، لەلایەنی ئەمنی و ئاسایش هیچ کێشەیەکیان نییە و بەردەوام هاوکاریان دەکەین».

### ئامادەین لەناحیەی قوشتپە نیشتەجێیان بکەین

پیشتوان عەمۆ لوتفی بەرپرسی شارەوانی قوشتەپە دەڵێت «لەڕۆژی٢٠١١/١٢/٨ بەئێمەیان ڕاگەیاند کە هەشت خێزانی ئاوارەی شاری وان دەهێنرێنە سنووری قوشتەپە، سەرەتا هاتن ڕەشماڵیان هەڵدابوو، بەڵام دوای ئەوەی ڕەشماڵێکیان کرابووە چێشتخانە خواردنیان تێدا ئامادە دەکرد، ئاگری گرت. هەستاین بەدروستکردنی چێشتخانەیەك بۆیان بۆئەوەی بتوانن لەوێ خۆراك بۆ خۆیان ئامادە بکەن و لەگەڵ دابینکردنی کابینەی سەفەری کە پێکهاتووە لەژوورێك و گەرماو پێداویستیەکانی گەرماو کە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی نەمر ئامادە کرابوو». دەربارەی داواکاریی ئەو خێزانانەی ئاوارەی شاری وانن بەرپرسی شارەوانی قوشتپە دەڵێت «ناحیەی قوشتەپە ئامادەیە لەو شوێنەدا نیشتەجێیان بکات، بەڵام ئەوە دەکەوێتە سەر لایەنی پێوەندیدار وەك پارێزگاو وەزارەتی ناوخۆ بڕیاری لەسەر بدەن». پشتیوان عەمۆ ئاماژە بەوەش دەکات تا ژیان و نیشتەجێبوونیان یەکلایی دەبێتەوە ڕێگایان پێنادرێت کاربکەن، چونکە هەموو پێداویستیەکیان بۆ دابینکراوە و بەردەوامیش بۆیان دابین دەکرێت لەلایەن حکومەت و خەڵکی خێرخوازەوە».

